

# بیرەوەریی شیعری ژیانەوە

## ئەو شیعرەی بووە هۆی شادبوونم
## بە دیداری نەمر عەلی حەسەنیانی

باران

شیعری «ژیانەوە» وەك زۆربەی ئەو تاق و لۆقە شیعرانەم کە بۆم پاریزراون، بەسەرهاتی تایبەت بە خۆی هەیەو کۆمەڵێك بیرەوەریی سەردەمی لاویەتیو سەرەتای بەشداری لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانم دەخاتەوەیاد.

کۆتاییەکانی جۆزەردان، یان دەستپێکی مانگی پوشپەڕی 1981 بوو، کە ئەم شیعرەم نوسیوە. بنکەی کۆمیتەکەمان (کۆمیتەی حیزبیی ناوچەی حەسەننوران) لە ئاوایی «تاچیناوێ» بوو بە مەرەخەسیو سەردان هاتبوومەوە ماڵێ. پێشنیوەڕۆیەك سەرەتاکەیم لە نێو باخی سێوانی خۆمان لە گوندەکەمان چەشمەگۆل دامەزراند. لە بیرم نییە لە ژێر کاریگەریی چ ڕووداوێك، یان خوێندنەوەی چ کتێبێکدا بوو، کە بۆ نوسینی شیعرێك بۆ بانگەوازکردنی کچی کورد بۆ نێو کۆڕی تێکۆشان، دەستبەکاربووم. ئەوەشم لە بیر نییە کە هەر ئەو ڕۆژەو ئەوکاتە تەواومکرد، یان لە دوو سێ کاتی لێکدابڕاودا. ماوەیەك دواتر، هەیئەتێکی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بۆ کاروباری تایبەت بەو ڕێکخراوە هاتنە ناوچەی شنۆ. لە بیرمە ئەو وەختە بوو کە جاری وابوو لە شەو و ڕۆژێکدا چەند جار بوومەلەرزە دەهات. کاك ڕەحمان سۆفیزادەو کاك موحسین شاسواری (کۆچەر)، وام لە بیرە لە کاك کەریم بابەکری یان سەلیم محەمەدی، یەکێکیان یان هەردووکیان ئەندامی ئەو هەیئەتە بوون. کاك موحسین لە شیعرو ئەدەبیات و زمانی کوردی شارەزا دەهاتەبەرچاو. بەو هۆیەوە کە ئەو کات بەرپرسی یەکیەتیی لاوان لە ناوچەی حەسەننوران بووم، هەیئەتی میوان چەند شەوێك لە بنکەی ئێمە مانەوە. دەرفەت بوو کە هێندێك شیعرو نوسینی خۆم بۆ کاك موحسین بخوێنمەوەو لە سەرنج و تێبینی و ئەزمونەکانی سوود وەربگرم. یەکێك لە سودەکانی ئەم ئاشنایەتییە ئەوەبوو۔ کە کەسێکی شارەزا لە شیعرو ئەدەب، دانی بە شاعیربوونم دادەناو لای هاوڕێکانم شایەدیی بۆ»شیعر»بوونی ئەو نوسینانەم دەدا. هەر لەو سەروبەندەدا چەند دەورەیەك بەدوای یەك بۆ ڕاهێنانی یەکەم خولی خوازیارانی مامۆستایەتیی شۆڕش لەناوچەکانی شنۆ، نەغەدە و پیرانشار، لە شاری شنۆ بەڕێوە چوون. لە یەکێك لەو کۆبوونەوانەدا کە ئێوارەیەك لە قوتابخانەی حافز، هەیئەتی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان بۆ خوازیارانی مامۆستایەتیی شۆڕش پێکیهێنا، لەسەر پێشنیارو داوای کاك موحسین شاسواری، ئەم شیعرەم (ژیانەوە) خوێندەوە. نازانم لەبەرئەوەی کاك موحسین بەر لە بانگکردنی من بۆ خوێندنەوەی شیعرەکەم کەمێکی پێدا هەڵگدا، یان هەر ئامادەبووان بەڕاستی پێیان باش بوو، بە چەپڵەیەکی باش پێشوازیم لێکرا.

هەر پاییزی ئەو ساڵە کە کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بڕیاریدابوو، گۆڤاری»لاوان» وەك ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە بڵاوبکاتەوە، منیش بووم بە هاوکاری بەڕێوەبەریی گشتی و بە تایبەتی هاوکاری هەرە نزیکی گۆڤارەکە. کاك تەیفور بەتحایی کە ڕابیتی نێوان یەکیەتیی لاوانو دەفتەری سیاسی بوو، داوای شیعرێکی بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤاری «لاوان» لێکردم. منیش ئەو شیعرەم خستە پاڵ بابەتەکانی دیکەی ئەو ژمارەیە. دەبوایە کەسێك لە دەفتەری سیاسیی حیزب بابەتەکانی ببینیایە. چەند ڕۆژ دواتر بۆ وەرگرتنەوەیان لەگەڵ کاك کەریم ئەڵلاوەیسی کە بەرپرسی گشتیی یەکیەتیی لاوان بوو، لەبنکەکەمان لە «خدراوێ» را چووین بۆ «شێوەجۆ» کە بنکەی دەفتەری سیاسیی لێبوو، بابەتەکانی دیکە کاریان تەواو ببوو، تەنیا شیعرەکە مابوو و گوتبویان با کاك عەلی حەسەنیانی(هاوار) ببینێ. لەپڕ دیتمان کاك بابا عەلی میهرپەروەرو کاك عەلی حەسەنیانی لەلای سەرەوە بەرەو هۆڵی گشتی دێن. کاك کەریم کە دەیناسین و دەیانناسی، منی پێ ناساندنو داواشی لە کاك عەلی کرد بە شیعرەکەمدا بچێتەوە و کەموکورییەکانیم بۆ چاکبکات. بە ئامادەبوونی کاك بابا عەلیو کاك کەریم، مامۆستا هاوار بە حەوسەڵەو بەڕاستی مامۆستایانە بە شیعرەکەمدا چووەوە. لە بیرم نییە کە چ وشەیەك یان وشەگەلێکی لێ زیاد و کەمکرد، بەڵام دەزانم هەم لە ڕووی واتاو هەم لە ڕووی کێشەوە، ئەوەندەی دەگونجا یارمەتیی بە جوانکردنی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعرەکە کرد. پێشتر هەم ناویم بیستبوو هەم لە چاپەمەنییەکانی حیزبدا شیعرم لێ خوێندبۆوە، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو لە خزمەت کەسێك کە خۆی شاعیرێکی ناسراو و دیار بوو، دادەنیشتم و ڕێنوێنیو ئامۆژگاریم وەردەگرت. ئەم یەك سەعات دانیشتنە لەگەڵ مامۆستا هاوار، بۆ هەمیشە ئەوی لای من

خۆشەویست کرد. دواتر کە شاخی جێهێشت و گەڕایەوە شار و کۆمەڵێك وتار و بابەتی خۆی لە کتێب لە ژێر ناوی «شاری وێران»دا چاپکرد، دیتم لە یەکێك لە بابەتەکانیدا منیشی لە ڕیزی ئەو شاعیرە لاوانەدا ناوبردوە، کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران هاتوونە مەیدانی شیعرو شاعیرییەوە.

بە داخەوە مامۆستا هاوارم هەر نەدیتەوە. ساڵانێك دواتر زانیم کە ئێرانی بەجێهێشتوەو چووە بۆ دەرەوەی وڵات و لە دانیمارك گیرساوەتەوە. بەداخەوە سەرەنجام لە ساڵانی سەرەتای دەیەی 90ی زایینی لە بارودۆخێکی دەروونیو ماڵیی نالەباردا لە دانیمارك کۆچی دواییکرد. ساڵی 2010 کە بە سەفەرێکی کورت ڕێگام کەوتە کۆپنهاگن، زۆر مەراقم بوو بچمە سەر گڵکۆی کاك نەبیی قادری کە هەم لە قۆناغی دەبیرستان مامۆستام بوو، هەم لە حیزب و حیزبایەتییشدا بۆ فێربوون و خۆپێگەیاندن، دڵسۆزو پیشتیوان و هاندەرم بوو. کاتێك چاوساغەکەم کاك ناسر پیرانی وتی گڵکۆی کاك عەلی حەسەنیانییش هەر لەم گۆڕستانەیە، زۆرم پێخۆش بوو، چونکە لە مێژبوو دەمەویست لە دەرفەتێکدا وەفا و پێزانینی خۆم بۆ ئەو مامۆستایە نیشانبدەم. لەگەڵ کاك ناسرو کچەکانی چووینە سەر گڵکۆی هەر دوو کەسایەتیی کۆچکردوو و چەپکەگوڵی ڕێزو خۆشەویستیمان لە سەر دانان. گڵکۆی مامۆستا هاوار، کەوتبووە شوێنێکی هەژارانەو نەدیو و لە نێو بێنازی و پێڕانەگەیشتندا ئەوەندەی دیکە ونببوو، خاوەنی کێل و بەردەنوسی شایانی ئەو کەسایەتییە ئەدەبییە نیشتمانپەروەرەش نەبوو. تەنیا لە سەر تەختەدارێك، ناوەکەی و ساڵی لەدایکبوون و مردنەکەی بە دەستوخەت و بە دوور لە هەر جوانکارییەك نووسرابوو. بە ڕاستی بە دیتنی گڵکۆی هەژارانەو غەریبانەی، دڵ و چاوم پڕ بوون. عەلیی حەسەنیانی (مامۆستا هاوار) لە سیاسی و خەباتکارانی سەردەمی ڕێژیمی شایەتیو لە بەندییە سیاسییە بە ناوبانگەکانی سەردەمی زەبروزەنگی ساواك بوو. هاوڕێ و هاوخەباتی «سوارەی ئێلخانیزادە»و «چاوە»و کۆمەڵێك لە پێشڕەوانو ڕەچەشکێنانی شیعرو ئەدەبیاتی نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەگەر خۆی و نەتەوەکەی خاوەنی کوردستانێکی ئازادو خودان کیانێکی کوردی



عەلی حەسەنیانی



و حکومەتێکی خەڵکی و نەتەوەیی و قەدرزان بایەو لە هەلومەرجێکی سیاسیی دڵخواز لە نێو نەتەوەکەی خۆیدا مردبا، بە دڵنیاییەوە مەزارو گڵکۆی شایانی خۆی دەبوو، ساڵانە بە هەزاران کەس لە ڕۆڵە قەدرزانەکانی نەتەوەکەی دەچوونە سەر گڵکۆکەی. دیوانی شیعرەکانیو سەرجەم بەرهەمەکانی سەرلەنوێ و لە فۆرمێکی جواندا، چاپ و بڵاودەکرانەوەو بە نەوەی نوێ دەناسێندرا، بەڵام ئەوەتا ئێستا بە مردوییش گۆشەنشین و پشتگوێخراوەو لە سوچێکی هەژارانەی گۆڕستانێکی کۆپنهاگن، نوقمی فەرامۆشییە! نەمدەزانی ئەو فرمێسکانەی هەڵیاندەوەرێنم بۆ چارەنوسی خەماویی شاعیر، نوسەرو خەباتکارێکی کوردە یان بۆ بێبەشی و بندەستیی نەتەوەکەی خۆم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

با بێمەوە سەر «ژیانەوە». یەکەم ژمارەی گۆڤاری «لاوان» لەگەڵاڕێزانی 1981دا بڵاوبۆوەو شیعرە گۆڕینی بەندەش یەکێك لە بابەتەکانی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە بوو. دیارە ئەو کات و زۆر دواتریش شیعرو نوسینی ئەدەبیم بە ناوی «ع. وریا» بڵاودەکردەوە کە ئەم ناو یان نازناوە ئەدەبییەش هەڵگرو تێکەڵاوی کۆمەڵێك بیرەوەرییە کە نوسینیەکەی با قەرز بێ لە سەرم و بمێنێ بۆ دەرفەتێکی دیکە. دەبێ بڵاوبوونەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی، یان نوسینێك بەناوی خاوەنەکەی لەو ڕۆژگارەو لە تەمەنی ئەو کاتی مندا، چەندە بووبێتە هۆی خۆشحاڵییو بەخۆنازینم و لێرەو لەوێ چەندە خۆم پێوە ڕانابێ، هەر خواو بۆ خۆم دەیزانم.

ئێستاش کە بەخوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی ئەودیوی ئەم شیعرە سەرم ئێشاندن، پێتان وانەبێ«ژیانەوە» بە شاکار و بەرهەمێکی ئەدەبیی بێ عەیب دەزانم. نەوەڵڵا وەك دەقێك پڕە لە کرچ وکاڵێ و ناتەواوی، بەڵام هەر چۆنێك هەیە ئاوێنەی هەست و ڕوانین و بیرکردنەوەو دنیابینیی ئەو سەردەمەی منێکی گوندیی تازە چاوکراوەو نوێ قەڵەمەو، لێی پەشیمان نیم بەتایبەتی لە ڕوانگەی ڕوانینم بۆ بەشداریی کچان و ژنان لە کۆڕی تێکۆشان دا.

2016 8

# ژیانەوە

**لە دەفتەری سەردەمی شاعیریم**

**(بۆ بەشداری کچی کورد لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەکەی دا وتراوە)**

**لە بیرتە لە یەکەم ژووانددا،**
**بە گوێی منت گەیاند:ئەمن،**
**لە پێوانی ڕێی ژیاندا،**
**لە ڕێگای مانو نەماندا،**
**تا بمێنم لە گەڵ تۆ دام،**
**هەر هاوڕێتم، بۆ تۆ پەنام؟**

*

**خۆشەویستم! ئەوا ئەمڕۆ هاتمە لای تۆ،**
**تۆ کە دەتگوت: هاواڵی تۆم،**
**هاتووم نیازی خۆم بڵێم، بدوێم**
**لە داخوازو ویستم،**
**لە ئاواتو لە پێویستم،**
**کەوابوو گوێراگرە لە من،**
**جوانە، ویستم!**
**خۆشە، ویستم!**
**خۆشەویستم!**

*

**پاش شیوەن و فرمێسك سڕین،**
**تێربوون لە حەسرەتو گرین،**
**پاش تەمەنێك بە دیلی ژین،**
**پاش تامی ژیانی ناو پەرژین،**

لە پاش وەی بێگانە بینرا،
بە ئاشکرا خوێنمان دەمژێ،
بۆ پڕ بوونی گیرفانی زل،
پیرو لاوو مناڵ دەکوژێ،
لە پاش ئەوەی تێگەیشتین،
لە گوێی گادا ئێمە خەوتووین،
بە جوانی بۆمان ڕوون بۆوە،
چەوساوە و یەکجار دواکەوتووین،
ئەمڕۆ ڕۆژی ژیانەوەیە،
ڕۆژی هەوڵدان بۆ مافو
لە جیهان دەنگ دانەوەیە.
*
خۆشەویستم!
پێمخۆشە تۆش لە گەڵ من بی،
چقڵی چاوانی دوژمن بی،
بشکێنی دەرگای زیندانو
حەوشو پاوانو ماڵی خۆت.
با مەتەرێز،
ئەو جار ببینێ تۆی بەڕێز،
لە نێو ئامێز.
نەبەزیو و بەسام بێ، هێز.
هێزی کوڕ و کیژی وڵات،
لاوانی ئوگری خەبات.
*
گیانە! ماڵاوایی کە لە شانە،
لە خۆت دوور کەوە ئاوێنە،



تفێك لە چەوسانەوە کە،
دامەمێنە!
یەجگار دڵی خۆشە بە تۆ،
ئەم ڕاپەڕینە خاوێنە
ڕەمزی سەرکەوتنی لەوەدایە
زۆری وەك تۆی لە داوێنە.
*
خۆشەویستم!
تۆش وەرە ناو کۆڕی خەبات،
جۆرێ تێکۆشە بۆ وڵات،
هەر بمێنی بە نەمری و
لە دوارۆژا،
مێژووی خوێناویمان بڵێ:
شانازیت پێدەکەم ئەی کیژ!
ئەی لە چاوی دوژمنانْدا،
تیری ژەهراوی، چقڵی تیژ!
لە بیرم ناچی و ئەتناسم!
ئەی قارەمان و ڕێبواری
ڕێی پیرۆزی «لەیلا قاسم»!
ئەی هاومەتەرێزی «تانیا»!
ئەی جەمیلەی کوردستانی!
پێشمەرگەی مرۆڤایەتی!
ئەی سەمبولی ئازایەتی!
پووشپەڕی 1360(1981)
چەشمەگۆل



عەلی حەسەنیانی